# بۆچی حیزبی شیوعی له هه ڵبژاردنه کاندا دۆڕاندی ؟

ئه رده لان عه بدوولَلا

ئه لَمانیا

حیزبی شیوعی عێراق ، یه که مین حیزبی عێراق بووه . هه روه ها یه که مین قوتابخانه بووه ، که خه ڵکی فێری ئه لف وبێی سیاسی کردووه . شیوعیه کان یه که مین که س بوون ، که دژایه تی سیسته می ده ره به گایه تیان کردوه . هه روه ها گه وره ترین پاڵپشتی جووتیار و هه ژارن بوون ، هه موو کات له ریزی پێشه وه ی هه موو شۆرش و راپه رینه کان بوون . یه که مین حیزب بوون دروژمی ( زه وی بۆ جووتیاران ) یان به رزکردۆته وه .

جگه له وه ش حیزبی شیۆعی رۆلێکی گه وره ی گێراوه ،له دژایه تی کردن و ده رکردنی کۆلۆنیالیزمی به ریتانی له عێراق . به پشتگیری حیزبی شیۆعی یه که مین رێکخراوی ئافره تان له عێراق دروست بووه 1 ، هه موو کاتیش پشتگیریان له ماڤه کانی ژن کردووه و هه وڵیان داوه چ ئه ندامانی خۆیان چ خه ڵکی ئاسایی ریزی ماڤه کانی ژن بگرێت . له لایه کی تره وه حیزبی شیۆعی یه که مین حیزب بووه ، له عێراق و رۆژهه ڵاتی ناوه راست ، که پشتگیری ماڤه ره واکانی گه لی کوردی کردووه . له و کاتانه ی که ئه وان پشتگیری ماڤی چاره ی خۆنووسینیان بۆ گه لی کورد کردووه ، حیزبه شیۆعیه کانی ئێران و تورکیا و سوریا ، گه وره ترین دژایه تی بزوتنه وه ی رزگاری خوازی کوردیان کردووه ، بگره ئه و بزووتنه وه شیان ، به بزووتنه وه یه کی فیئودالی و ئیمپریالی ناوبردووه . نازم حیکمه ت که شیعری بۆ هه موو بزوتنه وه رزگاری خوازه کانی دوونیا ووتوه وبه شاعرێکی مه زنی شیۆعی ناسراوه . که چی دژایه تی بزووتنه وه رزگاری خوازی کوردی کردووه و بزوتنه وه که ی به فیئودال ونۆکه ری ئیمپریالی ناو بردووه . ته نانه ت کاتێک کۆمه ڵێک کورد جل و به رگی کوردی بۆ ده به ن ، ئه و ره تی ده کاته وه و هه مان بیروڕای که مالیسته کانی به رامبه ر کێشه ی کوردی هه بووه 2 .

له و کاته دا به ناوی یه کیتی چینی کرێکاره وه ، هه موو پارته کۆمۆنیسته کان دژایه تی بزوتنه وه ی کوردیان ده کرد. هه روه هاحیزبی شیۆعی هه وڵی داوه له ناو خه ڵکی عه ره بدا دۆست و لایه نگر بۆ کێشه ڕه واکه ی کورد دروست بکات . له و کاته دا به عسیه کان و حیزبه کانی تر به هه موو شێوه یه ک هه وڵیان داوه که زۆرینه ی گه لی عه ره بی دژایه تی کورد بکات .

حیزبی شیۆعی توانیوویه تی کۆمه ڵێک نووسه رو رۆشنبیر و شاعیر وهونه رمه ندی گه وره پێ بگه یه نێت و پشتگیریان بکات له وانه ( هادی عه له وی ، جه واهیری ، مزه فه ر نه واب ، سه عدی یووسف ، نازم غه زالی فوئاد سالم ، زوهێر جه زائیری ، زۆری تریش). ئه مانه هه مووشیان دۆستی کورد بوون . بگره ئه و کات زوربه ی توێژی رۆشنبیری عێراقی شیۆعی بوون . له رێگای ئه مانیشه وه حیزب توانیوویه تی باری رۆشنبیری له عێراق به ره و پێشه وه به رێت و دژایه تی بیری دواکه وتویی وکۆنه په رستی بکات .

له کوردستانیش زۆرینه ی رۆشنبیرانی کورد شیوعی بوون وه کو ( پرۆفیسۆر د. عیزه دین مسته فا ره سوڵ ، محه مه دی مه لا که ریم ، د. که مال مه زهه ر ، د. ره فیق سابیر ، د. مارف خه زنه دار ، د. جه مال خه زنه دار، زۆری تریش ) . هه روه ها له رێگای حیزبی شیۆعیه وه خوێندکارێکی زۆر توانیوویه تی له شۆره وی و ده وڵه ته سۆشیالیسته کانی پێشوو بخوێنێت .

هه روه ها حیزبی شیۆعی یه که مین حیزبووه که له هه موو چین و توێژ و نه ته وه و ئاینه کان ئه ندام و لایه نگری هه بووه و، توانیوویه تی گه لی عێراق کۆبکاته وه . به پێچه وانه ی حیزبه کانی تره وه که زیاتر به سه ر نه ته وه و ئایینندا دابه ش بوون .

## حیزبی شیۆعی و ده سه ڵاتی سیاسی له عێراق

له یه كه م رۆژی دامه زراندنی ئه م حیزبه ، له لایه ن ( فه هد ) ه وه . كاری بۆ وه رگرتنی ده سه ڵات كردووه و هه وڵی دامه زراندنی حوكمه تێكی كرێكاری داوه ، كه له خزمه تی چینی كرێكارو ره ش و رووتی لادێ بێت .

به ڵام پاش شه هید كردنی (فه هد) ، حیزبی شیۆعی تووشی گه وره ترین نووشست بوون و له به رامبه ر مه سه له یه كی گرنگی وه كوو ده سه ڵاتی سیاسی گه وره ترین هه ڵه یان كردووه له مێژوویاندا .

## شۆرشی 14 گه لاویژی 1958

باشترین هه ل له به ر ده م حیزبی شیۆعی بۆ وه رگرتنی ده سه ڵاتی سیاسی له عێراق، ساڵی په نجاو هه شت بووه . ئه و كات حیزبی شیۆعی زیاد له سێ ملیۆن ئه ندام و لایه نگری له ته واوی عیراقدا هه بووه. به ڵام ئه م هه له یان له كیسی خۆیان دا . هۆی له ده ستدانی ئه م هه له ش ئه مانه بوون :

1 ⁄ حیزبی شیۆعی له پاش شه هید كردنی ( فه هد ) كۆمه ڵێك سه ركردایه تی ده كرد ، كه زیاتر سه ر به چینی ورده بۆرجوا بوون . ئه م چینه ش هه موو ده زانین هه موو كات ( ترسنۆك ، رارا ، كورت بین ، سازش كار ریفۆرمیست ) بووه. ئه م سه ركردایه تیه گه وره ترین تێسره واندنی له م حیزبه داوه .

2 ⁄ حیزبی شیۆعی و شۆره وی .

راسته (فه هد) له شۆره وی خوێندی و به بیری ماركسی لینینی ئه م حیزبه ی دروست كرد . به ڵام هه موو كات خاوه نی تێروانینێكی عێراقی بووه و باش كۆمه ڵگای عێراقی ناسیووه. به ڵام ئه وانی پاش ئه م، هه موو به چاویلكه ی شۆره ویه وه سه یری كۆمه ڵگای عێراقیان كردووه . ئه وكات بیرێكی ستالینی سه قه ت هه بوو كه بریتی بووله : ( پشتگیری كردنی بۆرجوازی نیشتمانی له وولاتانی جیهانی سێیه م ، هه وڵدان بۆ دروستكردنی به ره ی نیشتمانی له گه ڵ بۆرجوازی دا). هه رچه نده ئه م بیره ش ده گه رێته وه بۆ بلیخانۆف نه ك بۆ ستالین . له سه رده می شۆرشی روسیدا بلیخانۆف پێی وابوو، پێویسته به لشه فیه كان پشتگیری بۆرجوازی رووسی بكه ن چونكه ، هێشتا رووسیا وولاتێكی كشتوكالی و فیئودالییه 3 . به ڵام لینین دژی ئه م بیره وه ستایه وه و حكومه تی كرێكاری دروست كرد . ستالین ئه و كاتیش پشتگیری بلیخانۆفی ده كرد .

ئه م سیاسه ته سه قه ته ی ستالین گه وره ترین تێسرە واندنی له بزووتنه وه ی كۆمۆمیستی له جیهاندا داوه . دیاره له ته واوی جیهاندا حیزبه شیۆعیه كان ئه م سیاسه ته یان به رێوه ده برد بۆیه سه رنه كه وتن جگه له چین ، ئه ویش ده گه رێته وه بۆ بوونی رابه رێكی وه كو ماوتسی تۆن .

له عێراقیش ئه م بیره سه قه ته ی ستالین ، گه وره ترین تێسرە واندنی له حیزبی شیۆعی داو رۆژ به رۆژ له ناوی برد.

حیزبی شیۆعی رۆژانه، ئه ندام و لایه نگرانی به ده ستی به عسیه كان له ناو ده بران ، له هه مان كاتیشدا به عس باشترین دۆستی شۆره وی بوو . كه چی ئه مان هه ر وازیان له پابه ندیان به شۆرە ویه وه نه هێنا .

3⁄ حیزبی شیۆعی و پارته ناسیۆنالیست و فاشیسته كانی عێراق و كوردستان.

حیزبی شیۆعی چ له كوردستان چ له عێراق نه یزانیووه چۆن هه ڵسوكه وت له گه ڵ ئه و پارته فاشست و ناسیۆنالیستانه ی عێراق و كوردستان بكات .

ئه وانه چوون له گه ڵ به عسیه كان به ره یان دروست كرد ، كه ئه مه گه وره ترین هه ڵه یان بوو له مێژوویان دا كه كردبێتیان . چونكه هه موو كه س ده یزانی حیزبی به عس ، حیزبێكی عه ره بی فاشسته وزۆرترین ئه ندامانی حیزبی شۆعی به ده ست ئه مان كوژران وله ناوبران . به ڵام ئه مان ئه وه یان له بیر كردوو ، تا به یه كجاری حیزبی به عس له ناوی بردن . بگره هه رچی دورژمی حیزبی شیۆعیش بوون به عس لێیانی سه ندنه وه . بۆ نموونه ( خۆماڵی كردنی نه وت ، ریفۆرمی كشتوكاڵی ، نه هێشتنی نه خوێنده واری ، ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان )

به هه مان شێوه ش له كوردستان پارته فاشست و ناسیۆناله كوردیه كان توانیان له ناویان به رن .

هه موو ئه م هه ڵانه ی حیزبی شیۆعی ده گه ڕێته وه بۆ ئه وه ی ، كه ئه م حیزبه نه یتوانیوه له بیری سه قه تی ستالینی خۆی ڕزگار بكات . هه وڵی نه داوه خاوه نی ئایدۆلۆژیای تایبه ت به خۆی بێت .

## هه ڵبژاردنه كانی ئه م دواییه

ئه وه ی كه رۆژێک ئه لف و بێی سیاسه تی خوێندبێت . ده یزانی كه به شدار بوون له م هه ڵبژاردنه هه ڵه یه كی گه وره یه چونكه :

1 ⁄ له به ر ئه وه ی ئه مان حیزبێكی ماركسی لینینین!! ، ده بوایه بیانزانیبایه ، كه ده سه ڵاتی سیاسی ته نها له ڕێگای شۆڕشێكی كرێكاریه به ده ستده هێنرێت ، نه ك له ڕێگای سندوقی هه ڵبژاردنه وه .

2⁄ ئه م هه ڵبژاردنه به فشاری ئه مه ریكا ده كرا، به هیچ شێوه یه ك نایه ڵێت شیۆعیه كان سه ربكه ون. له هه مان كاتیشدا هه وڵ ده دات هاوپه یمانانی خۆی سه ربكه ون. به هه موو شێوه یه كیش ساخته له هه ڵبژاردنه كان ده كات .

3 ⁄ ماوه ی 30ساڵه به عسیه كان كۆمه ڵگای عێراقیان به پیسترین شێوه گۆڕیوه . بیری كۆنه په رستی و هه ڵپه رستی و دواكه وتویان ، له ناو كۆمه ڵگای عێراقیدا ڕوواندوه و ، هیچ بیرێكی پێشكه وتنخوازیش له م قۆناغه دا سه رناكه وێت .

4 ⁄ ئه م هه ڵبژاردنه به فشاری سستانی و هێزه كۆنه په رسته كان كراوه . هه موو كه س ده یزانی كه ئه وان زۆرینه پێك ده هێنن . ئه مڕۆ كۆمه ڵگای عێراقی به حكومی درنده یی به عسیه كان وشه ڕو شۆره كانیان ، بیری ئایینی و كۆنه په رستی له گه شه سه ندنایه و بیری پێشكه وتخوازیش له پاشه كشه دایه .

5 ⁄ له م كاته دا به هۆی نه بوونی باری ئاسایش و برسێتی و هه ژاری و نه بوونی حوكمی یاسا و نه بوونی ئه حسایه كی عێراقی . زیاتر مه جالی ساخته و دزی له هه ڵبژاردنه كان داده كرێت . عه لاوی و شیعه كان ساخته و دزیه كی زۆریان كردووه . به شێكی زۆری ده نگده ران له به ر فه توای سستانی ده نگیان به شیعه كان داوه . عه لاویش به پشت به ستن به به عسیه كۆنه كان، ده نگێكی باشی وه رگرتووه . له زۆر شوێنیش ئه و پۆلیسانه ی كه له شوێنی ده نگدانه كان دانرابوون ، پیاوی عه لاوی بوون و خه ڵكیان ترساندووه .

حیزبی شیۆعی شه رمه زاریه كی گه وره ی بۆ هه موو شیۆعیه عیراقی و كوردستانیه كان تۆمار كرد . ئاخر مه عقول نییه ، كۆنترین حیزب ئه مڕۆ 2 كورسی بێنێت !!!!، مه عقول نییه ، ته نها 80 هه زار كه س ده نگی پێبدات . ئاخر ئه مه هه مووی، ئه نجامی ئه و هه موو سیاسه ته چه وت و سه قه ته ی سه ركردایه تی ئه و حیزبه یه كه به هیچ شێوه یه ك عاقڵ نابێت .

من هیوادرم له هه موو ئه ندام لایه نگرانی ئه م حیزبه داوا له سه ركردایه تیه كه یان بكه ن و تكایان لێبكه ن، نه ك واز له حیزب بهێنن ، بگره هه ر وازیش له سیاسه تكردن بهێنن و خه ریكی شتێكی تربن باشتره بۆ خۆیان و بۆ حیزبیش .

ئاخر مێشكی كێ ئه وه ته قه بووڵ ده كات ، كه ئه مڕۆ حیزبێكی شیۆعی له گه ڵ مافیایه كی درنده ی وه كو پارتی و یه كێتی به ره ی سیاسی دروست بكات !!!!! . پێشیان شه رم نییه گه ر بچن له گه ڵ ئیسلامیه درنده كانیش به ره دروست بكه ن ، به ڵام هه زران جار سوپاس بۆ ئیسلامیه كان كه ، رازی نابن له گه ڵ ئه م حیزبه كافره !!!! ده ستین گلاو بكه ن !!!!!! .

له كۆتاییی دا ده ڵێم ، با ئه م شه رمه زاریه دواهه مین شه رمه زاری بێت . سوود له م هه ڵه یه وه ربگرن .

تكایه واز له م سیاسه ته سه قه ته تان !!!!!!!!!!!! بهێنن.

--------------------------------------------------------

سه رچاوه كان

1 ⁄ سعاد خيرى . المراه العراقيه ، كفاح و عتاه. 1998 .Stockholm . ل4
2 ⁄ محه مه دى مه لا كه ريم . له ده مه ته قێيه كى برايانه دا ، بووينه كاكه حه مه ى كوردى . به غداد.ل18
3 ⁄ ليون تروتسكى ، السوره الروسيه . ترجمه، اكرم ديرى . الهيسم الا يوبى . الموسسه العربيه للدراسات والنشر . بيروت . لبنان. 1978 ل742